وەزارەتی بەرگریی عێراق: بە چوار درۆن هێرشکرایە سەر هێزەکانمان لە مەخموور



وەزارەتی بەرگریی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات، چوار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژ لە قەزای مەخموور تێکشکێنران و هێروەها هیچ زیانێکی گیانیان نەبووە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە 12ـی ئاداری 2026، وەزارەتی بەرگریی عێراق رایگەیاند، هێزەکانی کتێبەی ئێندازیاری مەیدانی سەر بە فیرقەی پیادەی چواردەی فەرماندەیی ئێپێراسیۆنەکانی نەینەوا (کەرتی فەوجی یەکی لیوای پێنجا)، کەوتنە بەر هێرشی سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژ(درۆن) و دوا تر فڕۆکەیەکی چوارەم، بەڵام هێزەکانمان ڕووبەڕوویان بوونەوە و پێش ئەوەی بگەنە ئامانجەکانیان، لە ئاسمانی قەزای مەخموور خستیانە خوارەوە.

وەزارەتی بەرگریی ئاماژەی بەوە داوە، لە ڕووداوەکەدا هیچ زیانێکی گیانی لە ریزەکانی کارمەندانی هێزەکانمان یان هاووڵاتیان تۆمار نەکراوە، لە هەمان کاتدا لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان کردووە بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و بەدواداچوون بۆ وردەکاری و بارودۆخی ڕووداوەکە.

هەروەها وەزارەتی بەرگریی جەخت دەکاتەوە کە هەڕ چەکدارەکانمان لە بەرزترین ئاستی ئامادەباشیدان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەک کە ئاسایشی وڵات بکاتە ئامانج.